

(ئوسکار سمرسکا)راوێژکاری بازرگانی لە کۆنسڵخانەی نەمسا
بۆ گوڵان:

# فیدراڵییەت باشترین سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات و پێشکەوتنێتی



نەوت و غاز ڕۆڵی گەورەیان لە ڕێکخستنەوەی پەیکەری ئابووری و سیاسی کوردستان هەیە

(ئۆسکار سمرسکا) راوێژکاری بازرگانی لەکونسلخانەی نەمسا، لە زانکۆی ڤیەننا بەشی ئابووری تەواوکردووە و، پەیوەندیکردووە بە بەشی بازرگانی و ئابووری لە وەزارەتی بازرگانی دەرەوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی و بەهێزکردنی بازرگانی لەنێوان وڵاتان، بەتایبەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە وڵاتی ئێران وسعوديیە و لوبنان و سوریا و کیشوەری ئەفەریقیا کاری دیپلۆماسی کردووە، لە ساڵانی حەفتاکان لە باڵوێزخانەی نەمسا لەبەغدا کاریکردووە.

سمرسکا خاوەنی تێڕوانینێکە لەسەر(فیدارڵییەت و کاریگەری بەسەر بوارەکانی ئابووری)، سیستەمی فیدراڵییەت بە هاوشێوەی فیدراڵییەتی وڵاتەکەی بەباش دەزانێ بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق، هاوکات بوونی گرفت و کێشەی ئابووری لە کوردستان دەکرێت چارەسەر بکرێت، لەمبوارەدا هەنگاوی پراکتیکی نراوە.








سمرسکا:

**کێشەکان لەناوەند ئاڵۆزتر بوون و لە کوردستان تا رادەیەک باشترە**

**-ئۆسکار سمرسکا لە گفتوگۆیەکی ئابوورییانە بۆ گوڵان تەئکیدی لەسەر ئامانجی سەرەکی کردنەوەی نووسینگەی بازرگانی لە کونسڵخانەی نەمسا لە هەولێر کردەوە**، بەڕێزی پێی وابوو: (لە سەرەتای١٩٥٥ەوە کونسڵخانەی نەمسا لەبەغدا دانراوە، لە حەفتاکان بەشی ئابووری گرنگی پێدرا لە کونسڵخانەکە و لە ٢٠٠٥بەشی بازرگانی باڵیۆزخانەکە فراوانتر بوو، لەبەر خراپی بوونی باری ئەمنی و تەشەنەکردنی توندووتیژی بەردەوامبوونی بارگرژی، لە بەغدا کارکردن کارێکی زەحمەت بوو، بەتایبەت کاری بازرگانی بۆیە بڕیارماندا ئۆفیسی خۆمان بهێنینە هەولێر و ئیشوکارەکان لێرەوە بچێت بەڕێوە.

لە مانگی ١٢ی ٢٠٠٥ئۆفیسی خۆمان لە هەولێر دانا، ئەمەش لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان.

**-راوێژکاری بازرگانی لە کونسڵخانەی نەمسا بەمەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی عێراق و دەربازبوون لە کاریگەری نائارامی ناوچەیەک بەسەر سەرجەم عێراقەوە، ئاماژەی بە سیستەمی فیدراڵی کرد، کە لەو بوارەیەوە شارەزاییەکی باشی هەیە.**

**پووختەی بۆچوونەکانی بەڕێزی لەمبارەیەوە بڵاو دەکەینەوە.**

تاکو ٢٠٠٣عێراق بە بارودۆخێکی ناسروشتی تێپەڕبوو، سەرجەم بڕیار و کارەکان لە سەنتەری بەغدا و لەژێر دەسەڵاتی حکومەت کۆبووبۆوە، دواتر سیستەمی فیدراڵی دامەزرا، بەپێی ئەزموونی گەلان و واقیعی ئەو وڵاتانەی ئەمجۆرە سیستەمەیان جێبەجێ کردووە، ئەو حەقیقەتە دەرکەوتووە، کەباشترین سیستەم بۆ بەڕێوەبەردنی وڵات سیستەمی فیدراڵییەکانە، تاوەکو سەرجەم دەسەڵاتەکان لەیەک سەنتەر نەبێت، لە ئەوروپا بڕیار و دەسەڵات هەیە تایبەتە بە سەنتەر، بەڵام قۆرخکاری و سەرجەم دەسەڵاتەکان لەو ئاستە تەسکە کۆنابێتەوە، ئێمە لە ئەوروپا خاوەنی هەرێمی ئوتۆنۆمین و ئەو هەرێمانە جۆرە سەربەخۆییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەیە، لە هەرێمە فیدراڵییەکان زۆربەی جار دەسەڵاتەکان خۆجێیەو دەتوانن لە بوارەکانی رۆشنبیری و پەروەردە و بازرگانی و ئابووری بڕیاری خۆیان هەبێت، زۆر جاریش لە بڕیارە ستراتیژی وگەورەکاندا لە رێگای دیالۆگ و گفتوگۆوە تاوتوێی مەسەلەکان دەکرێت.

وەکو ئەوروپا خۆشحاڵین بە لابردنی نزامی دیکتاتۆری چاوەڕێی ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی سیستەمەکانی کارگێڕی وئابووریمان کرد، بەتایبەت لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی پەرەپێدانی مرۆیی، جێی داخە ئەو پێشبینی و بۆچوونانەمان وا دەرنەچوون و کێشەکان لەناوەند ئاڵۆزتر و پشێوی زیاتری بەخۆوە بینیووە.

**دامەزرانی هێڵی ئاسمانی نەمسا**
**لە بڕوابوونمان دێت بە ئازادی کوردستان و عێراق**

لە ساڵی ١٩٩١ەوە کوردەکان سیستەمی بەڕێوەبردنی خۆیان هەبوو، گەرچی ئەم سیستەمە کەموکورتی تێدابووە و پێشکەوتوو نەبووە، لە دوای ئازادی عێراق و رووخانی رژێمی بەعس بەیەکگرتنی ئیدارەکان و رێکخستنی کارگێڕی وکرانەوەی بازاڕەکان بەرووی دنیا گۆڕانکاری کەوتە ئەمبوارەوە، ئێمە وەکو نەمسا بڕوامان بە ئازادی کوردستان و عێراق هەیە، لەم روانگەیەوە هێڵی ئاسمانی نەمسا دامەزرا، لە کوردستان و چەندین جار شاندی بازرگانی نەمسا سەردانی کوردستانیان کرد، گفتوگۆ و دانیشتنمان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەت و وەزارەتەکان ئەنجامدا، لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان گرێبەستمان مۆر کردووە، بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری بە مەبەستی کردنەوەی خولی راهێنان و فێرکردنی کارمەندانی حکومەت، بەتایبەت لە بوارەکانی بەڕێوەبردن و کاردا، لە بەرنامەی نەمسادایە بەڕێوەبەری کۆمپانیا گەورەکانی کوردستان خولی مەشق و راهێنانیان بۆ بکەینەوە.

**لە داهاتوویەکی نزیکدا**
**کۆمپانیاکانی پترۆڵی نەمسا لەکوردستان کار دەکەن**

کە بەبێ ئەم خولانە ناتوانرێت کارگێڕی و بەڕێوەبردن لەم سستی و لاوازی و دواکەوتوویە دەرباز بێت، ناشکرێت بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکان لە ئاستی ئێستادا بمێننەوە، بەڵکو کاتی ئەوە هاتووە سەرمایەی مەعریفی بەرەوپێش ببرێت.

سەبارەت بەهاتنی گەورە کۆمپانیاکانی ئەوروپا بەتایبەت کۆمپانیاکانی بواری پترۆڵی وڵاتی نەمسا راوێژکاری بازرگانی کونسڵخانەی نەمسا تیشکی خستە سەر سێکتەری نەوت کە فراوان و گەورەیە، ئەو شاندە بازرگانییەی کە لەسەرەتای ئەمساڵدا سەردانی کوردستانی کرد، کۆمپانیا وشارەزایانی پترۆڵی تێدا بوو، بەڵام بوونی گرفت لە نێوان حکومەتی کوردستان و بەغدا کاریگەری لەسەر راوەستانی بەگەڕخستنی سەرمایەگوزاری لەمبوارەدا هەبوو، دوای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئومێدەوارم لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆمپانیای پترۆڵی نەمسا لە کوردستان کار بکات.

لە بواری نەوت و غاز دوو کۆمپانیای گەورەی پترۆڵی هاتوونەتە کوردستان و، دیراسەی کارکردنیان لەم هەرێمە کردووە، چەندین کۆمپانیای دیکەی کارەبا و بیناسازی و دامەزرانی کارگەی پیشەسازی لەگەڵ ئەو شاندەدا بوون، کەپێش ماوەیەک سەردانی کوردستانیان کرد.

### یاسای سەرمایەگوزاری خزمەتێکی باشی کەرتی تایبەت و گەورە کۆمپانیاکانی بیانی دەکات

کەرتی تایبەت لەکوردستان دەستی بەکارکردووە و کەرتێکی بەهێزیشە، حکومەتی کوردستان دەیەوێت یارمەتی و هاوکاری ئەم کەرتە بکات، ئەوە بوو یاسای سەرمایەگوزاری بیانی دەرچوو، کەخزمەتێکی باشی کەرتی تایبەت و گەورە کۆمپانیاکانی ڕۆژئاوا دەکات.

لە کوردستان بەدوای دامەزراندنی هاوبەشی و کۆمپانیای بەهێز دەگەڕێین، کەببنە یارمەتیدەر و هاوکاریمان بکەن و کۆمپانیاکانی نەمسا ئومێدەوارن لەگەڵ کەرتی تایبەت و بیزنسکاری کورد کار بکەن، بۆ نموونە کۆمپانیایەکی دروستکردنی بۆری نەمسایی هاتۆتە کوردستان وبەدوای کۆمپانیای ناوخۆ دەگەڕێت، تاوەکو بە یارمەتی و هاوبەشی ئەوان لە کوردستان کار بکەن و ئەوجۆرە پیشەسازییە پێش بکەوێت.

لە هەرێمی کوردستان کێشە و گرفتی کەمی داهات هەیە، کە لەپاڵ هەندێک گرفتی تری ئابووری ئاستەنگیان لەبەردەم پێشکەوتن داناوە، بەڵام من پێموایە نزمی داهاتە مەرجە هانی سەرمایەگوزاری پێشخستنی بوونی کۆمپانیا بیانییەکان بدات، تاکو سەرمایەگوزاری بیانی زیاتر بێت لە هەرێمەکە، ئاستی بەگەڕخستنی کرێکاران زیاتر دەبێت و داهات و بژێوی ژیانیشی بەرز دەبێتەوە، لە کوردستان لە بواری کار شارەزاییەکی کەم هەیە و شوێنەوارەکانی ٥٠ساڵی رابردوو بەسەر کەرتی کارگێڕی و ئابووری بەڕوونی دیارە، حکومەتی بەغدا گرنگی بە پێشخستنی کەرتەکانی کارگێڕی و ئابووری نەداوە.

رۆتین وبیرۆکراتییەت هەیە، چونکە وڵات و حکومەت تازەیە و خاوەنی تەجروبەی ئەوتۆ نین لە کارگێڕیدا، دەستپێکردنی راهێنانی کارکردن تەجروبەیەکی نوێیە، تازە حکومەت دەیەوێت گرنگی بەو بوارەی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی ئابووری بدات، ئەگەر ئابووری کوردستان بەدەرهێنانی نەوتو غاز بەهێزتربێت بواری زیاتر دەبێت بۆ رێکخستنی پەیکەری ئابووری و سیاسی کوردستان نەوت و غاز رۆڵی گەورەیان لە رێکخستنەوەی پەیکەری ئابووری وسیاسی کوردستان هەیە.

### کوردستان لە بواری پاراستنی ژینگە پێشکەوتوو نییە

لە کۆتایی قسەکانی راوێژکاری ئابووری کونسلڵخانەی نەمسا باسی لە گەشتوگوزار کرد، کە بوارێکی زۆر فراوانە و گرنگی پێ نەدراوە، دەکرێت بە پێشخستنی گەشتوگوزار داهاتێکی باشی لێ دەستکەوێت و رۆڵی لە بوژانەوەی ئابووری هەبێت، لە نەمسا بە رێژەی ٥٠ ٪ی داهاتی وڵات لە رێگای گەشتوگوزارەوە دێت، کە حەتمەن دیوێکی تری بەهێزکردنی ئابووری وڵاتە، ئەم گەشتوگوزارەش بێ پاراستنی ژینگە و پاکوخاوێنی دروست نابێت، لە بواری پاراستنی ژینگە و پاکوخاوێنی کوردستان پێشکەوتوو نییە، ئەمەش پێچەوانەی بەرنامە و کاری پێشخستنی کەرتەکەیە.

### دامەزرانی هێڵی ئاسمانی نەمسا، جۆرە متمانەیەکی لەلای بیزنسکارانی ئەوروپا دروست کرد

سیپان عەبدولسەلام بەرواری یاریدەدەری کونسوڵی بازرگانی نەمسا و بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێر کە دووساڵ لە وڵاتی نەمسا سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ئەوروپا بووە و، چەند سیمینار وکۆنفرانسێکی لە ڤیەننا سەبارەت بە پێشخستنی ئابووری کوردستان ئەنجام داوە. بەم نزیکانە بەرنامەی ئۆڤیسی هەولێری کونسوڵی نەمسا، کردنەوەی خولەکانی راهێنان و مەشقپێکردنی لەبەردەستدایە، لەم پێناوەشدا وەکو پەیمانگایەک گرێبەستێکمان لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان مۆر کردووە، بۆ راهێنانی کارمەندانی حکومی لەبواری ئابووری و بەڕێوەبردن، هاوکات گرنگی بە بەشی گەشتوگوزار و تەندروستی دەدەین.

**یاریدەدەری کونسوڵی بازرگانی نەمسا لە هەولێر، سەبارەت بە بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانی وئابوورییەکان گوتی:** یەکێک لە کۆمپانیاکانی نەمسا بۆندێکی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە مۆرکردووە، بۆ راهێنانی کارمەندانی حکومی لەبواری IT تەکنەلۆژیا، زانیاری و مەعریفەی کارمەندانی حکومیش لەمبوارەدا پێش دەکەوێت، لە بوارەکانی تری ئاگرکوژێنەوە و، کارخانەش چەندین کۆمپانیای نەمسایی هاتۆتە کوردستان.

هەوڵ دەدەین لە پێناو پتەوکردنی بازرگانی و ئابووری کۆمپانیای هاوبەشی نەمسایی وکوردستانی دروست بێت، لەمانگی ٥ی ئەمساڵیش شاندێکی بازرگانی کوردستانی رەوانەی وڵاتی نەمسا دەکەین، لە پێناو نزیکبوونەوە و گفتوگۆکردنی نێوان بازرگانانی کوردستان و وڵاتی نەمسا، لە ئایندەشدا هاتوچۆو سەردانەکان زیاتر دەکەین. دامەزرانی هێڵی ئاسمانی نەمسا لەکوردستان متمانەیەکی لەلای بیزنسکارانی ئەوروپا دروست کرد، بەوەی کوردستان شوێنێکی ئارام و سەقامگیرە.

**نەمسا یەکەمین وڵاتی ئەوروپاییە کونسوڵخانەی خۆی بە رەسمی لە کوردستان دامەزراند، ئەمەش سەرەتایەکی باشە بۆ گۆڕینی رای وەزارەتی دەرەوەی نەمسا لەسەر کوردستان، کە ئەم هەرێمە ئارام و سەقامگیرە و شوێنێکی خراپ نییە بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەگوزاری.**

